# تکایه لێدان هەڵگرن لەسەر منداڵان و قوتابیان . . !!

تکایه لێدان هەڵگرن لەسەرمنداڵان و قوتابیان چونکه کارلەباری کەسایەتی و ناخ و دەروونییان دەکات و لێدانی ئەمڕۆ پاشماوەی خراپ لەسەر نەوەی سبەینێی خراپتر دروست دەکات و نەوەیەکی توڕە ترو خراپترو ترسناکتر دروست دەکات ، هەر ئەو لێدانەیە کە ئەبێتە هەوێنی تاوان و کەلەڕەقی و نەفامی ، لەئەنجامی ئەو ئازاردانەیە بۆیە ڕێژەیەک قوتابی واز لە قوتابخانە دێنن و زەرەرمەند دەبن لەباری ڕۆشنبیری و فیکرو مەعریفەوە و توشی مێشک گرژی دەبن لەناو کۆمەڵگاو بەمنداڵی کارکردن ، ئەرکی دەسەڵاتە یاسایەک بۆ ئەو بابەتە دابنێ و نەیەڵێ مناڵ لەتەمەنێکی بچوکدا بکەوێتە بازاڕەوە چونکە مێشکی منداڵ هاوتەریب نابێتەوە لەگەڵ جەنجاڵی بازاڕدا .

ئەمڕۆ کەمنداڵ بەلێدان پەروەردە بکەیت پاشماوەی ئەو لێدانە زۆر کاری خراپ بەجێدەهێڵێت لەسەر منداڵ یان قوتابی وەک و گرژی ماسولکەکانی لەکاتی لێداندا ئەویش ئەبێتە هۆی دروست بوونی توڕەیی و ئەنزیم و هۆرمۆنەکانی لەشی منداڵیش بەپێچەوانەوە کاری خۆیان دەکەن لەو کاتەدا . بۆیە زۆر گرنگە مامۆستا لەکوردستان خولی تایبەت بە وانەی زانستی لەسەر پەروەردە و منداڵ فێر بکرێ و پێی بووترێ کەمنداڵ بوونەوەرێکی بچوکەو بینین و بیستن و ڕۆیشتن و تێگەیشتنی وەک و گەورە نی یە بۆیە بەبەردەوامی هەڵە دەکات ، ئەبێ ئێمەی گەورە بتوانین گەورەیی خۆمان بەهێمنی و عەقڵ پیشانی ئەو منداڵە بدەین ، نەک توڕەبوون و لێدان کە هەم لەگەورەیی ئێمە کەم دەکاتەوە ، هەم منداڵێکی سەقەتی کەمو کوڕ ( نوقسان ) گەورە دەکەین .

ئەبێ مامۆستا مرۆڤ بوون و ژیری و کامڵی خۆی نیشانی ئەو منداڵە بدات ئەویش بەئامۆژگاری و گفتوگۆکردن لەگەڵیا ، بەو جۆرە ئەو منداڵەش هێمن و لەسەرخۆ دەبێت . زانیاری یە زانستی یەکان دەریان خستووە کەمنداڵ بەشێوەیەکی هێمن لەگەڵی هەڵسوکەوت بکەیت ئەویش هێمن دەردەچێ بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە ڕەفتار بکەیت ئەو منداڵە زۆر توڕەو هەڵەشە وبەکەم و کوڕی دەرونی گەورەدەبێت

لە دوواڕۆژیش دا پیاوێک یان ژنێکی ناتەواو دەردەچێ و بارە سایکۆلۆژی و دەروونی یەکەی هەست پێدەکرێ کە سروشتی نی یە .

هەربۆیە دەبینی بەگشتی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕۆژئاوایی بەم خاڵانەی خوارەوە :

١/ مرۆڤی ڕۆژئاوایی هێمن و لەسەرخۆترە وەک لەڕۆژهەڵاتی .

٢/ مرۆڤی ڕۆژئاوایی بەسەبرترو ( تحمل ) هەناسە درێژترە .

٣/ مرۆڤی ڕۆژئاوایی زیاترگوێ دەگرێ و ماوە دەدا بە بەرامبەرکە تێبگات .

ئەم ڕەوشتانە کاردانەوەی ماڵ و قوتابخانەیە بەسەر مرۆڤەکانەوە ، بەپلەیەک ئەو دایکەی کە بەمەلۆتکەیی لەگەڵ مرۆڤدا و دایکایەتی خۆی بەشێوە زانستی یەکە بچەسپێنێ و هێمن بێت لەگەڵ منداڵەکەی ، ئەو منداڵە ڕێژەیەکی زۆر لەهێمنی دایکی کاری تێدەکات و لەگەڵی گەورەدەبێ وەهەروەها مامۆستا لەقوتابخانە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لەدووای دایکەوە کەمنداڵ لەتەمەنێکی منداڵی کەشەش ساڵی یە دەچێتە بەر مامۆستا و قوتابخانە ، ئەگەر ئەو مامۆستایەش

هێمنانە لەگەڵی بجوڵێتەوە ، ئەوا ئەو منداڵە خۆشبەختانە ڕێژەیەکی زۆر لەو پەروەردەیە سوودمەندی دەبێ . جەنگیش لەووڵات و باری ئابووری و ڕۆشنبیری دایک و باوک و مامۆستاش هەمووی ئەمانەش کاردانەوەی خۆی ئەبێت لەسەر کەسایەتی مرۆڤەکان بەمنداڵی و دووایی لەگەڵی گەورەدەبێ و کاردەکاتە سەر ژیانی .
دەوڵەت و دەسەڵاتیش ئەتووانێ دەست و خەتی خۆی بەجوانی و کار بۆسیستمێکی باشی پەروەردەیی بکات و لێدانی منداڵ قەدەغەبکات و سزای ئەو مامۆستایەش بدات کە لێدان و دار بەکار دەهێنێ چونکە بەو شێوە سیستمە کۆنە بڕوات ، نەوەیەکی سەقەت و تووڕەو خراپ دروست دەبێ . بەڕاستی ووڵات بەگەنج و نەوەی نوێ پێش دەکەوێ ئەگەر دەوڵەت و مامۆستا ئارەزو بکەن . لە وولاتە پێشکەوتووەکانی دنیا وەک . . ئەڵمانیا ، هۆڵەندا ، نەمسا ، دانیمارک ، سوید ، نەرویج . . هتد . تەنانەت لەماڵیشدا لێدان بۆ منداڵ قەدەغە کراوە چونکە زانراوە کەچەند کاریگەری خراپی هەیە بۆ منداڵ و گەورەبوونی و بڕیاری جۆری هەڵسوکەوت و ئاوێنەیەکیشە بۆ ئیش و فەرمانیش و سیمایەکیشە کەبە شێوەی هەمووانەوەیە . هیوادارم چاوێک لەخەڵکانی پێشکەوتو بکەین بۆ ژیانێکی باشتر دایک و باوکیش و مامۆستاش بائێتر دەست هەڵگرن لەلێدان ، چونکە زۆربەی سەرکردە دیکتاتۆرەکان بەوجۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە ، زۆربەی لێپرسراوەکانی کوردستانیش پەروەردەی دەستی ئەو سیستمەن بۆیە نازانن بەنەرمی لەگەڵ نەتەوەکەیان بجوڵێنەوەو هەست بەکەموکوڕیەکی زۆریش لەباری دەرونی یەوە ( الاحساس بالنقص ) دەکەن . بۆیە دەبێ ئۆتۆمۆبیلەکانیان ئاخر مۆدێل بێت و خانووەکانیان لە هی خەڵک نەچێت و . . هتد .

م . حەمید عەزیز
M_Hamidaziz@hotmail.com